# تەکنەلۆژییەک لە سنووری خەیاڵدا



ڕەنگە ئەوە بۆ زۆر لە ئێمەمانان هاتبێتە پێش لە پاسدا، یان لە شوێنە گشتییەکان لەلای کەسێك دانیشتوون و بە دەنگی بەرز بە مۆبایل قسەی کردووە، قسەکردن بەدەنگی بەرز دەبێتەهۆی ئازاری کەسانی دەوروبەر، بۆیە زانایان بیریان لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژییەکی نوێ کردۆتەوە کە چارەی ئەوە بکات.


لە پێشانگای ساڵانەی تەکنەلۆژیای نوێدا پەردە لەسەر ئامێرێکی تەکنەلۆژی هەڵدرایەوە کە جوڵەی لێوەکان دەکاتە دەنگ و بۆ ئەو کەسەی ئەو جوڵەیە وەردەگرێ دەبێتەوە دەنگ.

ئەو تەکنەلۆژییە نوێیە ئەو کەسانەی کە تووشی کارەساتێك بوون و توانای قسەکردنیان نەماوە بە سوودە، هەروەها کاتێك یەکێك بیەوێ کۆدێکی نهێنی بۆ لایەنی دیکە بەرێ بکات و کەسانی نزیك پەی بە نهێنییەکە نەبن سوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژییە زۆر پێویستە.

# گوگڵ لەسەر فیلمەکانتان ژێرنووس دادەنێ

سایتی "یوتیوب" کە بەکارهێنەران دەتوانن فیلمە ڤیدیۆییەکانی خۆیانی لەسەر دابەزێنن، خزمەتگوزارییەکی نوێی زیاد کردووە ئەویش دانانی ژێرنووسە لەسەر فیلمەکە.

ئەو خزمەتگوزارییە کە بەناوی "ژێرنووسی ئۆتۆماتیکی -Auto-caption ing) ناسراوە، تێیدا فیلمەکە باس لە چی دەکا. دیارە ئێستا ئەو ژێرنووسە هەر بە زمانی ئینگلیزییە و گوگل ڕایگەیاندووە کە پاشماوەیەکی دیکە زمانەکانی دیکەشی پێوە زیاد دەکرێت. ئەو خزمەتگوزارییە لەم هەفتەیەدا لەسەر سایتی "یوتیوب" داندراوە.




# شکاندنی قفلی DVD و کۆپی

AnyDVD HD

زۆر لە کۆمپانیاکانی فرۆشتنی پرۆگرام بۆ بەرگری کردن لە کۆپی CD و DVDیەکان قفڵی لەسەر دادەنێن، بۆ ئەوەی کە نەتوانن کۆپی لێهەڵبگرنەوە. لە ڕاستیدا ئەوە گرفتێکە بۆ زۆر کەس هاتۆتە پێش، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە و کۆپی کردنی ئاسان و بێ کێشە توانیویانە چەند پرۆگرامێکی تایبەت بەوە بەرهەم بێنن.

# لەداهاتوودا



دیزاینەرێکی ژاپۆنی مۆبایلێکی بەرهەمهێنا کە لە شێوەی کاتژمێر لە پەنجە دەکرێ ئەو مۆبایلە بەناوی Side-winder Watch Phone ناسراوە، واتە "ماری زەنگوڵەدار". دیارە بەر لەو مۆبایلەش کۆمپانیای LG مۆبایلێکی لەم شێوەیەی دروست کردووە، پێدەچێ لە

# ئاو لە هەوا وەردەگرێ

دەڵێن ئاو سەرچاوەی ژیانە، کە ئاو نەبێ ژیان کۆتایی دێت، بەڵام بەخۆشییەوە ئەو سەرچاوە گرنگەی ژیان تا ئێستا لە سروشتدا زۆرە، تەنانەت لە هەوادا بەشێوەیەکی سروشتی ڕێژەیەکی زۆر ئاو هەیە کە دەکرێ بە سیستەمێك ئاوەکە جارێکی دیکە وەربگرینەوە و سوودی لێوەربگرین.

دیزاینەرێکی تەکنەلۆژی لە چیندا ئامێرێکی دروست کردووە کە ئاو لە هەوا وەردەگرێ.

ئەو ئامێرە ئاوە کۆکراوەکە لەشوێنێك کۆدەکاتەوە، ئامێرەکە بۆ ئەو شوێنانەی کە هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی لێ نییە سوودمەندە، بۆ نموونە ئەوانەی لە بیاباندا مابنەوە.




# ـــــی کردنی CD شوختدار




پرۆگرامی AnyDVD یەکێکە لەو پرۆگرامانە کە یارمەتیدەرە و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فیلمی DVD لە حاڵەتی کۆد دێنێتەدەر، هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بەشی زیادەی سەر فیلمەکە و ژێرنووسەکان لابرێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە کۆنترۆڵی خێرایی درایڤی DVD دەکات بەهۆی ئەوەوە دەکرێ دەنگی درایڤ کەم بکەیەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە کۆپی DVD و CD شوختدار دەکات.

هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی AnyDVD

- کۆپی کردنی DVD شوخت تێبوو.
- لەناوبردنی سیستەمی ئەنالۆگ.
- توانای کۆپی کردنی، CD،DVD، Blu-ray و HDD لەسەر هاردی کۆمپیوتەر.
- بەرگری کردن لە راوەستانی سیستەم ئەوکاتەی CD یان DVDیەکی شوخت تێبووی لەسەردادەندرێ.
- نیشاندانی قەبارەی راستەقینەی دیسکەکە ئەوکاتەی لەسەر درایڤ دادەنرێ، هەروەها زۆر تایبەتمەندی دیکە...

# یەکەمین رۆژنامەی سێ رەهەندی

رۆژنامەیەکی فەرەنسی زمان لە بەلجیکا، ژمارەیەکی لە رۆژنامەکە بە سێ رەهەندی چاپ کردووە، دیارە ئەوە یەکەمین جارە لە ئەوروپا رۆژنامەیەك بە سێ رەهەندی چاپ دەبێت.

رۆژنامەی "la derinere heure" لەگەڵ ژمارە تایبەتییەکەی خۆی، چاویلکەیەکی تایبەتی بۆ سەیرکردنی رۆژنامەکە دابەش کرد.

وێنەکانی سەر ئەو رۆژنامەیە تەنیا بەو چاویلکەیە دەبیندرێن، بەڵام دەقەکان وەك دەقی ئاسایین.

سەرنووسەری رۆژنامەکە دەڵێت دوو مانگی خایاند تا رۆژنامەیەکی بەم شێوەیە چاپکرا.




# مۆبایل شوێنی کاتژمێر دەگرێتەوە

داهاتوودا مۆبایلەکان شوێنی کاتژمێر بگرنەوە و لە پەنجە بکرێن. جیاوازی هاندی ماری زەنگولدار لەگەڵ هاندەکانی دیکە ئەوەیە کە ئەو هاندە هەموو تایبەتمەندییەکی مۆبایلێکی هۆشمەندی تێدایە.

